# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست



هەینی 28.04.2017

دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

لە ڕۆژی (4.4.2017) بەهۆی فەیسبووک و یوتوب بۆم دەرکەوت کە کۆمەڵێک زانیاری زۆر لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان)، لەلایەن هەریەک لە پەیژی (کوردستان پۆست) لە فەیسبووک و کەناڵی (ئازاری گەل) لە یوتوب لەو پەرتووکەم و چەند نووسینێکی دیکەم دا وەرگیراوە و دەیان و سەدان ڤیدیۆ کلیپ لەسەر تاوانی سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان دروست کراوە، لەگەڵ بردنی (207) لاپەڕە لەو پەرتووکەم و نووسینەکانم و بڵاوکردنەوەی لە پەرتووکێکی دیکەدا بەناوی (ئەنفال ئازارێکی بێ کۆتای برینێکی ساڕێژ نەکراوە)، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی خۆم و سەرچاوەکان بدرێ.

بۆیە بەدوایدا گەڕام تا لە ڕۆژی (5.4.2017)دا خاوەنی (کوردستان پۆست) و (ئازاری گەل) وەڵامی دامەوەو داوای لێبووردنی کرد و داوای لێبووردنەکەی لە فەیسبووک بڵاوکردەوە، منیش داواکەم بەئاسایی وەرگرت و لە مافی خۆم خۆش بووم.

بەڵام دوای تەنیا پێنج ڕۆژو لە ڕێکەوتی (10.4.2017) لە کوردستان پۆست-ەوە نامەیەکی پڕ لە جوێنی سووک و هەڕەشەم بۆ هات و بلۆک کرام، کە لە سەرەتادا خۆم لەو باوەڕەدا بووم کە هاگکرابێ، بەڵام دواتر وا دەرنەچوو. لە هەمان کاتدا داوای لێبووردنەکەی لەسەر پەیژی فەیسبووکی (کوردستان پۆست) لابردو دوای چەند ڕۆژێک سەرجەم ڤیدیۆ کلیپەکانی لە یوتوب سڕینەوە!

دوای چەند ڕۆژێک بلۆکەکەی لادا و پەیوەندییم پێیەوە کرد و بەدرۆی ئەوەی گوایە ئەدمین گۆڕاوەو ئەو ئاگاداری ئەو جنێو و هەڕەشەیە نییە وەڵامی دامەوە! بۆیە هەفتەی داهاتوو دەچمە پۆلیس و سکاڵا لەدژی خاوەنی (کوردستان پۆست) و کەناڵی (ئازاری گەل) لە یوتوب تۆمار دەکەم.

دەرسیم
هەینی (28.4.2017)
دانمارک